## فێربیک:

# من وەکو هۆڵەندییەک یاریکردن بەرامبەر ئەڵمانیا شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە




گەشتەکەی هەڵبژاردەی ئوستراليا و راهێنەرەکەی بیم فێربیك لە یارییەکانی پالاوتنی مۆندیالی باشووری ئەفریقیای ٢٠١٠ زۆر بە جوانی و رێکوپێکی ئەنجامدرا و شوێن پەنجەی راهێنەر فیربیك بە راشکاوی دیار بوو، تیپێکی بەهێز و یەکگرتووی پێکهێنابوو کە دەتوانێ رووبەڕووی هەڵبژاردەکانی ئەڵمانیا و سڕبیا و گانا ببێتەوە، ماڵپەری فیفا ئەم هەلەی قۆزتەوە و ئەم دیمانەی لەگەڵ راهێنەر فیربیك ئەنجامدا.

*** خۆئامادەکرنەکانتان چۆن بەڕێوە دەچێت؟ خاڵە سەرەکییەکانتان چین؟**

- یاریگاکانمان بۆ یاری و مەشقکردن زۆر باشن و پلانێکی ڕێکوپێک و تۆکمەمان بۆ مۆندیال دارشتووە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بتوانین ٢٣ یاریزان بۆ یارییەکانی مۆندیال هەڵبژێرین.

*** هەست بە چی دەکەی لە دەستپێکی یارییەکانی مۆندیال ڕووبەڕووی ئەڵمانیا دەبنەوە؟**

- بە حوکمی ئەوەی من هۆڵەندیم یاریکردنمان دژی ئەڵمانیا شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڕای من ئەڵمانیا ناتوانێ پلەی یەکەم لە کۆمەڵەی ئێمە وەربگرێ بەڵکو ناتوانێ نازناوەکەش بباتەوە، ئەمە شتێکی باشە کە سەرەتا ڕووبەڕووی هەڵبژاردەیەك دەبینەوە، کە لە لایەن چاودێران هەڵبژێردراوە، کە ئەم نازناوە بباتەوە، بەڕای من ئەوەی لە دەرەوەی ئەم لیستە بێت لە توانای هەیە ئەنجامی چاوەڕواننەکراو وەربگرێ، ئەڵمانیا لای ئێمە گەورەیە، هەردوو تیپ بێ کێشە یاری دەکەن و ئەوان حەز لە ڕووبەڕوویی دەکەنەوە و ئێمەش لە ئامادە باشیداین.

*** دوای ئەوەی ڕووبەڕووی گانا دەبنەوە، کە بە گرنگترین یارییەکانتان دادەنرێ، چیتان پێویستە تا لەم یارییە سەرکەوتن بە دەست بهێنن؟**

- بەڕای من یاری سربیا لەوە گرنگترە و یاری کۆتایی لە شێوازی کۆمەڵە چارەنووسازە، هەڵبژاردەکانی ئەڵمانیا و سربیا و گانا هەموویان ڕکابەرن و هەریەکەو شێوازێکی خۆی لە یاریکردن هەیە، ئێمە سەرەتا تەنیا بیر لە یاری ئەڵمانیا دەکەینەوە و دواتر بۆ یاری دووەم ٦ ڕۆژ پشوومان هەیە و خۆمان بۆ یاری گانا ئامادە دەکەین، کە لە پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا سەلماندی، کە تیپێکی باشە و لە توانای هەیە ئەنجامی باش بە دەست بهێنێ.

*** لەلای چاودێران تیپەکەت بە بەرگریکار ناسراوە و گلەیەکی زۆرت لێدەکرێ، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- ئێمە دەبێ تیپەکەمان ڕێکبخەین و بەرگری لە خۆشمان بکەین، ئەمە کاری ئێمە بووە، ڕاستە ئێمە زیاتر شێوازی بەرگریکاری پەیڕەو دەکەین، ئەمەش ماندوو بوونێکی زۆری دەوێ، بۆیە ئێمە کەمترین گۆڵمان لێ تۆمار دەکرێ و سەرەڕای ئەمەش زۆرترین گۆڵمان لە پاڵاوتنی ئاسیا تۆمارکردووە، جێگەی سەرسوڕمانە گەر تیپێك بیەوێ پارێزگاری لە گۆڵەکەی بکات و بە پاکی بیهێڵێتەوە ئەوە دەڵێن شێوازی بەرگریکاری بەکار دەهێنێ، گەر زۆر گۆڵیشی لێ بکرێ، ئەوە دەڵێن هێڵی بەرگری زۆر لاوازە.

*** بەهۆی ئەوەی زۆر سەردانی باشووری ئەفریقیات کردووە چی لە گەشتیاری مۆندیالی ٢٠١٠ چاوەڕوان دەکەی؟**

- وای بۆ دەچم ئەمە حەوتەم یان هەشتەمین جارە سەردانی ئەم وڵاتە دەکەم، هەر کاتی دێمە ئەم وڵاتە خۆشییەکی خۆش دەبینم وەکو گەشتیار مۆندیالێکی زۆر خۆش دەبێت، ئەمەش گومانی تێدا نییە.



# هەڵبژاردەی کوردستان دەتوانێ نازناوی پاڵەوانێتی ڤیفا بە دەست بهێنێت؟



**وا بڕیـــارە لە کۆتایی مانگی داهاتوو لە دوورگەی گۆزۆ لە وڵاتی ماڵتا چوارەمین پاڵەوانێتی ڤیفا بۆ هەرێمە بـــێ وڵاتەکان ئەنجام بدرێت، کە تیاییدا چەندین هەرێمی بێ وڵات بەشـــداری ئـــەم پاڵەوانێتیە دەکەن و هەرێمی کوردســـتانیش یەکێکە لە هەرێمە بەشداربووەکان، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەر لە ئێستاوە پرۆگرامێکی تۆکمەی بۆ هەڵبژاردەی کوردستان ئامادەکردووە تاوەکو بتوانن لەم پاڵەوانێتیە ئەنجامێکی باش بە دەست بهێنن.**

ڕێبین ڕەمزی
rebin1985@yahoo

### هاوار و هەڵگورد پەیوەندیان بە هەڵبژاردەی کوردستان نەکرد

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دوای ئەوەی عەبدوڵڵا مەحمود وەکو ڕاهێنەر و سەمیر ســـدیق و خەسرۆ گروون وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەریان دەستنیشـــان کرد، دەســـتەی ڕاهێنـــەران بە فەرمی بانگهێشـــتی ٤٣ یاریزانیان کرد بۆ ئەوەی ئامادەی مەشقی ڕۆژانەی خۆیان بن، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەستەی ڕاهێنەران تووشی چەند کێشەیەك هاتـــن، کاتێك کۆمەڵێك لـــە یاریزانەکان پەیوەندیـــان بە مەشـــقی هەڵبـــژاردەی کوردســـتان نەکرد، هەندێکیان یانەکانیان ڕێگیان پێ نەدان، وەکو خالید موشـــیر و جاسم محەمەد حاجی و ئامەد ئیسماعیل لە یانـــەی دهۆك و بەرۆژ جادر و ڕیچبر محەمەد لە یانەی زاخۆ و هەندێکیان هەر پەیوەندیان بە هەڵبژاردەی کوردستان نەکرد وەکو هاوار مەلا محەمەد و هەڵگورد مەلا محەمـــەد و چەنـــد یاریزانێکی تر، بۆیە دەستەی ڕاهێنەران چەند یاریزانێکی تریان بانگهێشـــتی هەڵبژاردەکە کرد بۆ ئەوەی لەم کێشەیە ڕزگاریان بێت.

### باشترین یاریزان و گۆڵکاری کوردستان لە هەڵبژاردەی کوردستان نییە

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باشـــترینەکانی خولی پلـــە نایابەکانی کوردســـتانی ڕاگەیاند کە تیاییدا سامح ڕۆســـتەم یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە باشترین یاریزانی کوردستان و گۆڵکاری خولی کوردستان دەست نیشان کرا، بەڵام ئەم یاریزانە لە لیستی کۆتایی هەڵبژاردەکە نییە، ئەمەش کێشـــەیەکی زۆر گـــەورەی بـــۆ ڕاهێنـــەر عەبدوڵڵا مەحمود دروســـت کرد، بەهۆی نەبوونی پاسپۆرتی پیتی (G و A) زیاتر لە دە یاریزان لە ڕیزی هەڵبژاردەی کوردســـتان دوورخرانەوە، ئەوانیش هەریەکە لە سامح ڕۆســـتەم باشـــترین یاریزان و گۆڵکاری کوردستان (پێشـــمەرگەی سلێمانی) و شێرزاد محەمەد دووەم گۆڵکاری خولی کوردستان و هیشام هادی و مازن عەزیز (پێشـــمەرگەی هەولێر) و ئەحمەد سالار (یانەی ســـلێمانی) و عەلی حوســـێن و ڕمزی ساڵح و موشتاق مەجید (کەرکوك) و شەمسەدین (هەندرێن).

لـــەم یاریزانانە زیاتر لە پێنـــج یاریزان لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکەن و گۆڵکاری یانەکانیانـــن لـــە خولەکانـــی عێـــراق و کوردســـتان، ئەمـــەش گرفتێکی گەورە دەبێت بۆ پاڵەوانێتیەکانی داهاتوو کە دەبێ چارەسەری ئەم جۆرە گرفتانە بکرێت.

### چوار ناوبژیوان و سێ ڕۆژنامەنووس یاوەری شاندەکە دەکەن

لە هەنگاوێکی پیـــرۆزدا یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دا چوار ناوبژیوان و ســـێ ڕۆژنامەنووس یاوەری شـــاندەکە بکەن، هـــەر یەکە لـــە ناوبژیوانان ئازاد حاتەم و سەربەست خالید و ئەمیر داود و محەمەد حوسێن بەشداری لە بەڕێوەبردنی یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە دەکەن، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەم ڕاهێنەرانە تاوەکو بتوانن سوود لەم جۆرە پاڵەوانێتیە وەربگرن تاوەکو ئاســـتیان بەرزبکەنەوە، لە هەمان کاتدا بۆ یەکەم جار ســـێ ڕۆژنامەنووس یاوەری شـــاندی هەڵبژاردەی کوردستان

دەکەن، ئەوانیش هەریەکە لە (غەریب قادر و هەژار مەعروف و بەختیارحەسەن) ئەمەش بەهۆی گرنگی ئەم پاڵەوانێتیە دەگەڕێتەوە.

**خۆئامادەکردنی هەڵبژاردەی کوردستان**

بەمەبەستی خۆئامادەکردنیان بۆ ئەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی کوردستان یارییەکی دۆستانەی لەگەڵ یانەی شرگات ئەنجامدا و یارییەکە بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرامبەر لە بەرژەوەندی شرگات کۆتایی هات، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری داوە ئۆردوگایەکی مەشقی لە وڵاتی ئەڵمانیا ئەنجام بدات بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ، لەم ئۆردوگایە چەند یارییەکی دۆستانە ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی ڕاهێنەر بتوانێت پێکهاتەی سەرەکی هەڵبژاردەکەی دەستنیشان بکات.

**کوردستان میوانداری پاڵەوانێتی ڤیفا دەکات**

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە کاتی بەشداریکردنیان بۆ ئەم پاڵەوانێتیە بە فەرمی داوای میوانداریکردنی پاڵەوانێتی ڤیفا لە ساڵی ٢٠١١ یاخود ٢٠١٢ دەکەن بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت، ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هیوادارن کە داواکەیان پەسند بکرێت و گشت متمانەیەکی ئەمنییان پێشکەش بە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی نێودەوڵەتی ڤیفا کردووە بۆ تۆپی پێ.

**مێژووی پاڵەوانێتی ڤیفا**

پاڵەوانێتی ڤیفا تا ئێستا سێ جار ئەنجامدراوە، هەڵبژاردەی کوردستان دوو جار بەشداری کردووە، یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٨ بەشداری کرد کاتێك لە وڵاتی سوید لە هەرێمی سامی لاند ئەنجامدرا و توانی پلەی چوارەم بە دەست بهێنێت، لە ساڵی ٢٠٠٩ لە وڵاتی ئیتالیا لە هەرێمی پادانیا بەڕێوە چوو، هەڵبژاردەی کوردستان توانی پلەی دووەم بە دەستبهێنێت، پاڵەوانێتی چوارەم لە ٣٠ی مانگی ئەیار لە هەرێمی گۆزۆ لە وڵاتی ماڵتا بەڕێوە دەچێت و تا ئێستا دیار نییە چەند هەڵبژاردە بەشداری تێدا دەکەن.

**شاندی هەڵبژاردەی کوردستان**

شاندی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ پاڵەوانێتی ڤیفا لە ٤٦ ئەندام پێك دێت، کە تیایدا نوێنەرێکی وەزارەتی لاوان و وەرزشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرێکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و نوێنەرێك لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێنج ئەندام لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و سەلاح محەمەد کەریم وەکو ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی پاڵەوانێتیی ڤیفا و دکتۆر سەرهەنگ عەبدولخالیق بەرپرسی پەیوەندییەکانی کیشوەری ئاسیا لە یەکێتی تۆپی پێی ڤیفا و سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی نێودەوڵەتی ڤیفا و سێ ڕۆژنامەنووسی وەرزشی و چوار ناوبژیوان و ٢٤ یاریزان و سێ ڕاهێنەر پێکهاتووە.

**پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان**

عەبدوڵلا مەحمود (ڕاهێنەر) و سەمیر سدیق و خەسرۆ گروون (یاریدەدەری ڕاهێنەر).

غەفوور عوسمان، دیدار حامد، ویسام محەمەد ( گۆڵچی ).

محەمەد حەمە خان، سەباح حەسیب، سامی عزیز، فەرمان حەیدەر، ئەحمەد شکور، هەردی نورەدین، بورهان عەبدولکەریم، نێچیرڤان شوکری، عەلی عەزیز، هەردی سیامەند، شکار موحسین، دیار ڕەحمان، دیاری ئەحمەد، پرسیار عەبدولرەزا، شڤان محەمەد، ئەیوب ئەیاد، کارزان عەبدوڵلا، کارساز محەمەد، شوان مامۆ، سەلاحەدین سیامەند، میران خەسرۆ.





# تۆرێس هەڕەشەی جێهشتن لە لیڤەرپوول دەکات

هێرشبەری نێودەوڵەتی ئیسپانی فرناندۆ تۆرێس ئەم وەرزە بە ناخۆشترین وەرز لە لیڤەرپوول دادەنێ، کە لە ٢٠٠٧ وە پەیوەندی پێوەکردووە و ئەمەش وای لە تۆرێس کرد بۆ یەکەمین جار هەڕەشەی جێهێشتن لە یانەی لیڤەرپوول بکات، تۆرێس دەڵێ گەر ئێمە بۆند لەگەڵ یاریزانی ناودار و ئاست بەرز مۆرنەکەین ناتوانین رکابەری لەسەر هیچ نازناوێك لە وەرزی داهاتوو بکەین، دەمەوێ جەنگاوەر بم لە یاریگا بۆ بەدەستهێنانی خولی یانەکانی ئینگڵتەرە و ئەوروپا و ئەمەش پێویستی بە یاریزانی لێهاتوو هەیە بۆ هاوکاریکردنم، هەروەها گوتی دەبێ پێنج یاریزان لە ئاستی بەرزی جیهانی بهێنین، جارێ کات ماوە بڕیار لەسەر دوارۆژی خۆم لە لیڤەرپوول بدەم، سەرەڕای ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندنی بەریتانی دەڵێن یانەی مانچستەر سیتی گرنگیەکی زۆر بە هێنانی تۆرێس دەدات، راهێنەری لیڤەرپوولی ئیسپانی رفایل بینیتیز زۆر نیگەرانە بە تۆرێس و دوارۆژی لە یانەی لیڤەرپوول و دەڵێ گەیشتن بە رکابەرییەکانی خولی یانەکانی ئەوروپا و بەدەستهێنانی پلەی چوارەم لە خولی یانەکانی ئینگڵتەرە ئاواتی تۆرێس-ە و دەیەوێ لەم پاڵەوانێتیانە یاری بکات و نازناو بە دەست بهێنێ، لەوانەشە ئاواتی تۆرێس لەم وەرزە نێتە دی، چونکە یانەی لیڤەرپوول بە بارودۆخێکی خراپ دەڕوا و لە پلەی شەشەم دایە، جێگەی باسە لە وەرزی پارساڵ لیڤەرپوول لە پلەی دووەم هات دوای شەیتانە سوورەکان، کە بە پلەی یەکەم هاتن، تۆرێس-ی تەمەن ٢٥ ساڵ هیچ شتێکی لەگەڵ لیڤەرپوول بە دەست نەهێناوە.





## ئەلیکساندر هێلب:
## خۆزگە یانەی ئەرسناڵم جێنەهێشتبا

یاریزانی یانەی شتۆتگارد و هەڵبژاردەی رووسیای سپی ئەلیکساندر هێلب لە لێدوانێکی دا بۆ رۆژنامەی دیلی میل ئینگلیزی رایگەیاند کە پەشیمانە یانەی ئەرسناڵی جێهێشت، ئەلیکساندر هێلب گوتی: هەرچەندە من بە شێوەیەکی خواستن یاری بۆ یانەی شتۆتگارد دەکەم تا کۆتایی وەرزی ئەمساڵ، دەبێت دواتر بگەڕێمە یانەی بەرشلۆنە، بەڵام ناگەڕێمەوە بەرشلۆنە، بەڵکو روو لە ئینگڵتەرە دەکەم، لەم وڵاتە سێ بۆندم بۆ هاتووە ئەوانیش هەریەکە لە یانەکانی مانچستەر سیتی و سندرلاند و ئەستۆن ڤێلا بۆیە لە وەرزی داهاتوو لە یەکێك لەم یانانە یاری دەکەم.

هێلب زیاتر گوتی: زۆر پەشیمانم کە یانەی ئەرسناڵم جێهێشت، چونکە لەم یانەیە وەکو یاریزانێکی سەرەکی یاریم دەکرد لەهەمان کاتدا زۆر سەرسامم بە شێوازی یاریکردنی ئینگلیزی بۆیە لە وەرزی داهاتوو هەوڵ دەدەم لە خولی ئینگلیزی یاری بکەم.

جێگەی باسە ئەلیکساندەر هێلب تەمەن ٢٨ ساڵ لە یانەکانی ئەرسناڵ و بەرشلۆنە و شتۆتگارد یاری کردووە و لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.




# دیكۆ:
# هەڵبژاردەی پورتوگال پشت بە ڕۆناڵدۆ نابەستێت

یاریزانی یانەی چێڵسی و هەڵبژاردەی پورتوگال دیكۆ لە لێدوانێكیدا بۆ ڕۆژنامەكان تەئكیدی لەوە كردەوە كە هەڵبژاردەی پورتوگال پشت بە یاریزان ڕۆناڵدۆ نابەستێت و گوتی: هەڵبژاردەی پورتوگال پێویستی بە هەموو ئەستێرەكانی هەیە لە مۆندیال-ی ٢٠١٠، تاوەكو بتوانێت ئەنجامی باش لەم پاڵەوانێتیە بە دەست بهێنێت.

دیكۆ زیاتر گوتی: هەڵبژاردەی پورتوگال تەنیا پشت بە كریستیانۆ ڕۆناڵدۆ نابەستێت، بەڵگەش لە چەندین یاری پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی بە بێ كریستیانۆ توانیمان سەركەوتنی گەورە بە دەست بهێنین، بۆیە نابێت هەڵبژاردە تەنیا پشت بە یەك یاریزان ببەستێت لە جامی جیهانی.

دیكۆ زیاتر گوتی: یانەی مانچستەر یۆنایتد توانی بە بێ كریستیانۆ ڕۆناڵدۆ نزیكە لە بە دەستهێنانی خولی ئینگلتەرە و یانەی ریال مەدرید لە چەندین یاری بە بێ كریستیانۆ توانیان ئاستێكی باش نیشان بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كریستیانۆ یاریزانێكی زۆر بە توانایە.

دیكۆ تەمەن ٣٣ ساڵ لە یانەی چێڵسی یاری دەكات و لە هێڵی ناوەڕاست یاریزانێكی ئاست بەرزە.

# میسی: من ناگەمە ئاستی قاچێكی مارادۆنا

ماوەیەكی زۆرە لە لایەن چاودێران و پسپۆڕانی وەرزشی قسە و باس لەوە دەكرێت، كە میسی لە مارادۆنا باشترە و جیاوازییەكی زۆریان هەیە بە تایبەتی دەزگاكانی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا، كە ئەوانەی لە یانەی بەرشلۆنە نزیكن، ئەرژەنتینی میسی لە لێدوانێكیدا تا ڕاددەیەك لە بێدەنگی خۆی نیشاندا و گوتی "چۆن دەكرێ باس لە جیاوازی من لەگەڵ مارادۆنا بكرێ، مارادۆنا لە هەموو كاتێكدا باشترین یاریزان بووە". میسی زیاتر گوتی "بە دڵنیاییەوە دەڵێم ناگەمە ئاستی قاچێكی مارادۆنا و دەمەوێ مێژوویەك بۆ خۆم تۆمار بكەم و خەونی سەرەكیم بە دەستهێنانی مۆندیالە، كە لە هاوینی ئەمساڵ لە باشووری ئەفریقیا دەست پێدەكات و هەموومان حەز دەكەین و خۆشحاڵ دەبین، كە جامی مۆندیال بەرز دەكەینەوە". هەروەها گوتی "ئێمە پاڵێوراو نین، بەڵام دەتوانین شتی چاوەڕواننەكراو بە دەست بهێنین". مارادۆناش لەلای خۆیەوە دەڵێ: گەر هاتوو یاریزانێك هات لەمن باشتر بێت، بێگومان دەبێ ئەرژەنتینی بێت، گەر هاتوو لیونێل میسی ـش بێت، ئەوا من پێشوازی و پیرۆزبایی لێدەكەم.

